سەرۆکی و ڕاهێنەری یانە

# ئێستا یانە لە توانای هەڵبژاردەی عێراق بەشد پاڵەوانیە

■ پێش چەند ڕۆژێك یانەی هەولێر کە بەناوی هەولبژاردەی دووەمی عێراقی فیدڕاڵ بەشداری لە پاڵەوانیەتی شای تایلەندی کرد و توانی ئاستێکی بەرز نیشان بدا و پلەی دووەم بە دەست بهێنێ ئێمەش لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بە باشمانزانی ڕاوبۆچوونی هەردوو بەڕێزان د.عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر و کاپتن ئەکرەم سەلمان ڕاهێنەری یانەی هەولێر سەبارەت بە ئەنجامەکان و بەشداریکردن لەو خولە وەربگرین.■

ئا: ڕێبین ڕەمزی

سەرەتا سەرۆکی یانەی هەولێر بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە

*** تا چەند لە ئاستی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانیتیە ڕازی بوویت؟ و تا چەند سوودتان لەم پاڵەوانیتیە وەرگرت؟**

- بەڕاستی زۆر لە ئاستیان ڕازی بووم، یاریزانەکان لە لایەنی هونەری و جەستەیی ئاستیان زۆر بەرز بوو بەڕاستی پاپەندیش بوون بە ڕێنماییەکانی شاندەکە و زۆر سوودمان لەو خولە وەرگرت وەکو خۆ ئامادەکردنێك بۆ جامی یانەکانی ئاسیا، بەڕاستی ئەو تیپانەی کە بەشدارییان کرد بوو ئاستیان زۆر بەرز و بەهێز بوون و گشت یاریزانە سەرەکیەکان بەشداریان کرد لەوانە هەڵبژاردەکانی کۆریای باکوور و تایلەند کە مێوانداری خولەکەی دەکرد، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی زۆری هەبوو بۆ یانەکەمان کە تا ئێستا یاری ئەوها بەهێزی نەکردووە، بەڵام خۆش بەختانە یارییەکان بە سەرکەوتووی ئەنجامدا، دەتوانم بڵێم کە ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد لێیان باشتربوون، خۆتان لە شاشەکانی تەلەڤزیۆنەکان بینیتان کە یانەیەك بتوانی لە هەڵبژاردەی وڵاتێك بباتەوە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بەڕاستی زۆر لێیان ڕازین لە یاریزانەکان و دەستەی ڕاهێنەران.

*** حەوت یاریزانی یانەی بەختاکۆر لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئۆزباکستان یارییان دەکرد و ئەو یانایە لە کۆمەڵەی ئێوەیە چۆن ئاستی ئەو یاریزانانەتان خوێندەوە؟**

- خۆی ئەگەر سەیری یارییەکانت بکردبایە ڕاهێنەر لە هەر یارییەك بە شێوازێك یاری دەکرد و لە یاری کۆریا بەشێوازێك یاری دەکرد و لە یاری تایلەند بەشێوازێکی دیکە یاری دەکرد و لە یاری ئۆزباکستانیش شێوازێکی دیکەی نوێی بەکار هێنا ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ ڕاهێنەر دەگەڕێتەوە من لەو باوەڕەشدام کە یاریزانەکانی بە تەواوی خوێندۆتەوە و سوودمان زۆر وەرگرتووە و پێویستیمان بە یاری زۆرتر هەیە.

*** کە لە تایلەند بوون هیچ ڕێککەوتنێکتان لەگەڵ تایلەند و وڵاتانی دیکە نەکرد بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکەن و یان خولی ڕاهێنەرایەتی و یان ئۆردوگای لەو وڵاتانە ئەنجام بدەن؟**

- نەخێر ئێمە کە چووین بەناوی هەڵبژاردەی عێراق بەشداریمان کرد و یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی فیدڕاڵ بەو کارە هەڵسابوو و ئەمە کارێکی ئاسان نییە بۆ ئێمە، وەکو یانەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

*** هیچ هەوڵێکتان نەداوە کە یارییەکان بگوازنەوە بۆ هەولێر؟**

- ئێستا هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ گەڕانەوەی یارییەکان بۆ هەولێر، باش دەزانن کە ئەمن ئاسایشی عێراق کێشەیان بۆ دروست دەکات و کوردوستانیش بە عێراق بەستراوە، لەو باوەڕەم شتێك بکرێ و هەموو لایەك لەو هەوڵە دا گەر نەشکرا ئەوا یارییەکان وەکو خۆی دەمینێ.

*** لە کۆتایدا چ پەیامێکت هەیە بۆ جەماوەری وەرزشی هەولێر دوای ئەو ڕووداوە کە لە یاری هەولێر و دهۆك ڕوویدا؟**

- هیوادارم ڕێگا بەو کەسانە نەدەن کە شێوازی یاریگا تێك بدەن و کێشە پەیدا بکەن، چونکە ئەمە نە لە بەرژەوەندی یانەی وەرزشی هەولێرە و نە لە بەرژەوەندی وەرزشی کوردستانە، هیوادارم جارێکی دیکە ئەمە دووبارە نەبێتەوە و لێیان قەبووڵ نەکەن و کاری تێکدەری ئەوها نەبەن و هاندەری تیپەکەیان بن بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر بە دەست بهێنین، بەڵێنیان پێ دەدەم کە ئەنجامەکانمان باشتر دەبێ لە عێراق و لە خولی ئاسیاش.

***

دواتر ڕووی پرسیارمان ئاراستەی ئەکرەم سەلمان کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام

*** وەکو ڕاهێنەری یانەی هەولێر دەکرێ بزانین ڕات بە ئاستی هونەری ئەم پاڵەوانیتیە چۆنە؟**

- بەڕاستی سوودێکی زۆر گەورە و باشمان وەرگرت، یەکەمیان توانیمان چەندین یاریزان وەکو یەدەگ بۆ جێگرتنەوەی



ی هەولێر تایبەت بە گوڵان:

# ی هەولێر هەیە وەکو دووەمی اری لە هەر تیەک بکات

یاریزانەکانی دیکە لە هەڵبژاردەی عێراق دروست بکەین، دووەمیش ئەوە بوو بتوانین خۆمان ئامادە بکەین وەکو یانەی هەولێر بۆ یارییەکانی خولی یانەکانی ئاسیا ئەو یارییانەی کە ئەنجامماندا بەڕاستی گرنگ بوون و تیپەکەمان سوودێکی باشی وەرگرت لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵبژاردەکانی کۆریای باکوور و تایلەند و هەڵبژاردەی دووەمی ئۆزباکستان کە یاریزانەکانی لە دوو یانەی سەرەکی ئەم وڵاتە پێکهاتبوون بەڕاستی ئەنجامەکان و کەمی ئەزموونی یاریزانەکانی یانەی هەولێر و بەشداریکردنی لەم جۆرە پاڵەوانیەتیانە بۆ یەکەمین جار شتێکی زۆر باشە و گرنگە، ئەم جۆرە خولە کە پێش (٢٥) یان سێ ساڵ یانەکان دەیانتوانی بەناوی هەڵبژاردەکان بەشداری بکەن لەوانە یانەکانی ڕەشید و زەورا و تەڵەبە ئەم بیرۆکە بگەڕێنیتەوە و متماننە بە یانەکان بدات لەلایەن جەماوەر، ئێستا یانەی هەولێر لە توانای هەیە وەکو هەڵبژاردەی دووەمی عێراق بەشداری لە هەر پاڵەوانیەتیەك بکات، بۆیە سودێکی باشی هەبوو و یاریزانەکان بوونە خاوەن ئەزموون لەم جۆرە پاڵەوانیەتیانە، ئەوەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئامادەکردنی یانەی هەولێر لە خولی عێراق و یانەکانی ئاسیا، بۆیە زیاتر پێویستمان هەیە بۆ بەشداربوون لە خولی دیکە ئێمە وەکو یانەی هەولێر و یانەکانی دیکەی عێراق بۆ پەیدا کردنی زیاتر ئەزموون و ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ تیپە بەهێزەکان.

*** حەوت یاریزانی ئۆزباکستان لە یانەی باختەکۆر بوون و ئەو یانەش لە خولی یانەکانی ئاسیا لە کۆمەڵەی ئێوەیە تۆ وەکو ڕاهێنەر ئاستی ئەو یاریزانانت چۆن خوێندەوە؟**

- ئۆزباکستان لە ئاستی هەڵبژاردەی و یانەکان باش دەزانین کە خاوەنی بەهرەیەکی بەرزن و ئاستیان زۆر باشە لە تەکتیك و تەکنیك و یانەی باختەکۆریش یەکێکە لە یانە باشەکانی ئاسیا و ناوبانگێکی باشی هەیە لە نێو یانەکانی ئاسیا، ئێمە کە ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئۆزباکستان بووینەوە زانیم کە ئەم تیپە لە باشترین یاریزانانی یانەی باختەکۆڕ و یانەیەکی دیکە پێکهاتووە، ئێمە سەلماندمان کە یانەی هەولێر لە توانای هەیە ڕووبەڕووی یانەیەکی ئاوا بەهێز ببێتەوە.

*** دەکرێ باس لە ئاستی ناوبژیوانان لەم پاڵەوانیەتیە بکەی؟ ئاستیان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەگشتی ناوبژیوانان لەبەرژەوەندی هەڵبژاردەی تایلەند بوون خۆیان میوانداری پاڵەوانیەتیەکیان دەکرد و لە بەرامبەر جەماوەری خۆیان یارییان دەکرد و پاڵەوانیەتیەکەش بەناوی شای تایڵەند بوو، کە هەڵبژاردەی تایلەند یاری دەکرد ناوبژیوانان بەلای وان بریاریان دەدا، ئەو یارییانەی یارییان دەکرد بەتایبەتی یاری کۆتایی لەگەڵ تایلەند، ناوبژیوانان لە سەرتاوە هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ تایلەندەیەکان نیشاندا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرابوو دوای ئەوەی کە زانیان یانەی هەولێر بە ناوی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری دەکات، ئێمە خۆشحاڵین بەو ئاستەی کە یانەی هەولێر نیشاندا و ئەو ئەنجامەی کە بە دەستیهێنا ئەنجامێکی زۆر باش بوو.

*** چۆن چانسی یانەی هەولێر دەبینی کە کەوتیتە کۆمەڵەیەکی ئاسنین لە جامی یانەکانی ئاسیا؟ ئایا دەتوانی بگەیتە قۆناغی هەشتەم؟**

- بەڕاستی کۆمەڵەیەکی بەهێزە یانەکانی باختەکۆر و قادسیە و غەرافە سێ یانەی باشن و پێویستیمان بە خۆ ئامادەکردنێکی باش و ئۆردوگایەکی مەشق هەیە، بە تەئکید یانەی غەرافە ناسراوە لەلای جەماوەری ئێمە، چونکە گشت یارییەکانی لە لایەن میدیاییەکان دەگوازرێتەوە و قادسیەش لەسەر ئاستی کوێت یانەیەکی باشە و یانەی باختەکۆریش زۆر باشە بەڕاستی هەر سێ یانە بەهێزن، ئاواتمان هەیە ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنین، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین ئەمە یەکەم جارە یانەی هەولێر بەشداری لەم جۆرە خولانە دەکات گەر بێتەو یاریزانەکانمان هەمان ئاستی پاڵەوانیەتی شای تایلەند نیشان بدەن بە تەئکید ئەنجاممان لە خولی یانەکانی ئاسیا باش دەبێت.





## له لوتکەی یارییەکانی خولی ئیسپانیا

# له دێربی مەدریدا: ئەتلەتیکۆ مەدرید بەرامبەر ریال مەدرید

له میانـــی یارییەکانی جەولـــەی (٢٠)ی قۆناغی یەکەمی خولی ئیســـپانیا رۆژی یەك شـــەممەی داهاتوو ( ١٠) یاری گرنگ ئەنجام دەدری کـــە تیاییدا لە دێربی شـــاری مەدرید یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید میوانـــداری یانەی ریال مەدرید دەکات کـــە یارییەکی زۆر گرنگە بۆ هـــەردوو لا و هەروەها لـــە هەمان کاتەدا یانەی بەرشـــلۆنە میوانداری یانەی راسینگ ســـانتدیر دەکات کە تیاییدا یانەی کەتالۆنی تەنیا بۆ بردنەوە یاری دەکات و هەروەها چاوەروانی ئەنجامی یاری دێربی مەدرید دەکات، جێگای باســـە گشـــت یارییەکان بە بریاری یەکێتی تۆپی پێی ئیســـپانیا لە یەك کاتدا ئەنجام دەدریٚ ئەویش کاتژمێر ٧ ئێوارە بە کاتی کوردستان، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

ئەتلەتیکۆ مەدرید — ریال مەدرید
بەرشلۆنە — رایسینگ سانتدێر
ریال زەرگۆزا — ریال مۆرسیا
ڤیاریال — ڤالنسیا
ریال بێتیس — ریکریاتیڤۆ هوێلفا
المریا — دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا
بلد وەلید — ئیسپانیۆل
ئۆساسۆنا — ئەتلەتیکۆ بلباو
لیڤانتێ — ریال مایۆرکا
خیتافیٚ — ئیشبیلیه

## له میانی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا

# ئەنتەر میلان / پارما
# ئۆدنیزی / میلان



لەمیانی یارییەکانی جەولـــەی (١٩)ەمی خولی ئیتاڵیا رۆژانی شەممە و یەك شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدریٚ کـــە تیاییدا یانەی ئەنتەر میـــلان میوانداری یانەی پارمـــا دەکات و یانەی ئۆدنیـــزی میوانداری یانەی میلان دەکات ئەمـــەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانەی جەولەی (١٩)ەمە

یارییەکانی رۆژی شەممە
جەنەوا — ئەتلەنتا
ڤیرۆنتینا — تۆرینۆ
یارییەکانی رۆژی یەك شەممە
ئەنتەرمیلان — پارما
یۆڤنتۆس — سامبدۆریا
لیڤۆرنۆ — ئەمپۆلی
ناپۆلی — لاتسیۆ
پالێرمۆ — سیینا
ریجینا — کالیاری
رۆما — کاتانیا
ئۆدنیزی — میلان

## یارییەکانی خولی فەرەنسا

# نیس / نانسی
# لانس / لیۆن



لەمیانی یارییەکانی جەولەی (٢١)ەکەمی خولی فەرەنسا رۆژی شەممە و یەك شەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ کە تیاییدا یانەی لیۆن میوانداری یانەی لانس دەکات کە یارییەکی یەکجار بەهێزە و هەروەها یانەی نانسی دەبێتە میوانی نیس، جێگای باسە گشت یانەکانی فەرەنسا تووشی زەرەرێکی یەکجار زۆر بووینە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری یاریزانەکانیان لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان بەشداری لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا دەکەن، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانەی ئەم جەولەیە

یارییەکانی رۆژی شەممە
لۆریان – پاریس سان جێرمان
ئۆکسیر – ستراسبۆرگ
لۆمان – بۆردۆ
مارسیلیا – ڤالنسیان
میتز – مۆناکۆ
سانت تیان – رین
سۆشۆ – لیل
تولوز – کان
یارییەکانی رۆژی یەك شەممە
نیس – نانسی
لانس – لیۆن



## لەمیانی یارییەکانی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە

# ریدینگ / مانچستەر یۆنایتد
# فولهام / ئەرسناڵ

لەمیانی یارییەکانی جەولەی (٢٣)یەمی خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە رۆژانی شەممە و یەك شەممە و دوو شەممە یارییەکانی ئەم جەولەیە بەرێوە دەچێت کە تیاییدا یانەی فولهام مێوانداری یانەی ئەرسناڵ دەکات کە لەم یارییەدا وا چاوەروان دەکریت کە یانەی ئەرسناڵ بۆ بە دەست هێنانی سێ خاڵی یارییەکە تووشی هیچ کێشەییەك نەبێت، لە یارییەکی تردا یانەی ریدینگ میوانداری یانەی مانچستەر یۆنایتد دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم جەولەیە

یارییەکانی رۆژی شەممە
بلاکبێرن – میدلزبرە
فۆلهام – ئەرسناڵ
بۆرتسمۆس – دێربی کاونتی
ریدینگ – مانچستەر یۆنایتد
تۆتنهام هۆتسپێر – سەندرلاند
بێرمنگهام سیتی – چێلسی
نیوکاسیل یۆنایتد – بۆلتۆن
یارییەکانی رۆژی یەك شەممە
ویگان – ئێڤرتۆن
مانچستەر سیتی –ویستهام یۆنایتد
یارییەکانی رۆژی دووشەممە
لیڤەرپوول – ئەستۆن ڤیلا

## ئەحمەد خدر سەرۆکی ناوەندی وەرزشوانە دێرینەکانی کوردستان

# ئێمە تا ئەمرۆش سەر بە ئەنجوومەنی باڵای وەرزشین
# هەر لەو دەزگایشەوە ڕێنماییەکان وەردەگرین



■ *لە نێو نێوەندە وەرزشییەکان قسە و باس لەوە دەکرێت کە ئێستا کێ مووچەی وەرزشوانە دێرینەکان وەردەگرێ ئایا وەرزشوان وەری دەگرێ یان خەڵکانێك کە هیچ پەیوەندیان بە وەرزشەوە نییە ئایا ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندی کێیە و دەکرێ چاوپێدا خشانەوەیەکی بەسەر دا بێت، بۆیە ئێمە بەباشمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانە لەگەڵ ئەحمەد خدر سەرۆکی ناوەندی وەرزشوانە دێرینەکانی کوردستان ئەنجام بدەین.*■

دیمانە: فایلی وەرزشی

*** لەسەر چ بنامەیەك ئەو ناوانە مووچە وەردەگرن؟**

- هیچ ناومان زیاد نەکردووە بەڵکو لەسەر لیستی کۆن ڕۆیشتین و ئێمە نووسراوێکی فەرمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار کراینەوە کە نابێ هیچ کەسێك بە فەرمی دوو موچەی هەبێت، ئەوە بوو ئەوەی دوو موچەی هەبوو ناوی نەماوە و لێی بڕاوە.

*** مانای ئەوەیە ئەو لیستەی ئێستا ناوی تیانییە کە دوو مووچەی هەبێت؟**

- نەخێر نییە ئەوانەی وەری دەگرن تەنیا یەك مووچەیان هەیە و نووسراویان لە دادنووسی هەولێر بە کەفالەتی (٥) ملیۆن دینار هێناوە.

*** لەو بنامەیەی کە باسی لێوە دەکەن وەرزشوانە دێرینەکان مافیان نەخوراوە؟**

- ئێمە ناتوانین بڵێین مافیان خواروە چونکە ئەوە بڕیارێکی حکوومەتە، بەڵام دەڵێن دەبوایە ڕەچاوی ئەوە بکرابایە کە هەندێ وەرزشوان هەن پاڵەوانن و لە ئاستی هەڵبژاردەکان یارییانکردووە و بەڕاستی بۆ خزمەتی وەرزش ماندوو بووینە و خزمەتێکی زۆری ئەو کوردوستانەیان کردووە.

*** ناکرێ چاوپێخشاندەوەیەك لەو بڕیارە بکرێتەوە؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد ئەوانەی کە خزمەتێکی زۆری وەرزشیان کردووە دەکرێ چاوپێخشاندەوەیەك بکرێ لەو لیستەی ئێستا و لێژنەیەك دروست بکرێ بۆ پێداچوونەوە بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری وەرزشوانان بگرێتەوە دەبێ ئەوەش بزانین ئەم بڕیارە تەنیا وەرزش ناگرێتەوە بگرە هەموو بوارێکی ژیانی گردۆتەوە لەوە ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان.

*** لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سامی سەعید ئەمیندارەی گشتی ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دەڵێ ئەحمەد خدر پیاوێکی پاك و خاوێنە لە کارەکەی بەس لە بڕیاردان بەهێز نییە قەت ناڵێ نەخێر و ئێمەش بەهیچ جۆرێك ئاگاداری ئەم لیستە نین و پرسیشمان پێ نەکراوە؟**

- سوپاسی سامی سەعید دەکەم بۆ ئەو هەستە بەرزەیی خۆی باش دەزانی کە پێشتر ئەو ڕێنماییەی ئەوان دایان ڕێشتبوو لە ئەنجوومەنی باڵای وەرزش، ئێمەش بەپێی ئەو ڕێنماییە کارمان کردووە و هیچ شتێکمان سەربەخۆ نەکردووە و ئەو ناوانەی کە ئێستا مووچە وەردەگرن پێشتریش ناویان هەبووە و ئەوەی دوو مووچەی نییە ئەوە لای ئێمە مووچە وەردەگرێ ئەوجا هەر چ بێ و ئەوەش بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆ کەس نییە دەستکاری بکات ڕاستە زۆر کەس دێت ئێمە دڵی ناشکێنین و بەساردی نایگەڕێنینەوە، ئێمە لە سەرەتاوە تا ئێستاش سەر بە ئەنجوومەنی باڵای وەرزشین، ئێستا بە فەرمی نووسراوێکمان لەبەر دەستدایە دەڵێ لێژنەیەك لە ئەنجوومەنی باڵای وەرزش پێك بهێنن بۆ ئامادەکردنی لیستێك بۆ ئەو کەسانەی کە دوو مووچەیان هەیە، ئێمە ئێستاش سەر بە ئەنجوومەنی باڵای وەرزشین و سەر بە ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان نین.

*** باشە دەڵێن دوای یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی وەرزشی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش وجودی نەماوە؟**

- بەشێوەیەکی فەرمی ئێمە ئاگادار نەکراینەوە کە ئەنجوومەنی باڵای وەرزشی نەماوە و ئێمە تا ئەو ساتەش نووسراومان بە فەرمی لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای وەرزشی بۆ دێتن و ئێمەش تەنیا پابەندین بە ڕێنماییەکانی ئەوان، بەڕاستی وەرگرتنی ئەم مووچەیەش لەسەر بوودجەی ئەنجوومەنی باڵای وەرزشە گەر نەمابێ بۆ پێمان ناڵێن یان شەرممان لێدەکەن!!.

*** باشە هیچ بەرنامەیەکتان لەبەر دەستدانییە کە هەوڵ بدەن بۆ گەرانەوەی بەشێك لەو مووچانە؟**

- بەڕاستی ناتوانین هیچ لێدوانێك بدەین چونکە هەر لێدوانێك دەبێتە هۆی زەرەرمەندی ئەو وەرزشوانانەی کە ئێوە دەڵێن مافیان خوراوە چونکە هەر شتێك لە ئارادانییە، ئێمە هەوڵمان زۆر داوە.

*** ئایا هیچ واستە و واستەکاری لە دانانی ئەو ناوانە نەکراوە؟**

- واستە کاری و پشتگیری نییە چونکە ئێمە ناومان زیاد نەکردووە، بەڵکو ئەو ناوانە لە لیستی پێشتر هەبووە و ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە ناویان نەماوە ئەوانی دیکەش بەڵێننامیان لە دادنووسی گشتی هەولێر هێناوە کە هیچ مووچەیان نییە و خۆیان لێی بەرپرسیارن، بەڕاستی ئێمە توانیمان ناوەکان کەم بکەینەوە ئەویش بە هۆی نەبوونی مەرجی تەمەن کە ناوێکی زۆرمان ڕەشکردەوە، ئێستا لە سەرتاسەری کوردستان (٩٤٤) کەس مووچە وەردەگرێ کە پێشتر (٦٥٠٠) کەس بوون ئێمە توانیمان کۆنترۆڵی تەمەن بکەین سەرەتا ئەوانەی مووچەیان نەبوو گەیشتنە ( ٣٥٠٠) کەس، بەڵام پاشان دوای لێکۆڵینەوە و پیاداچوونەوە لە تەمەنەکان توانیمان ژمارە کە ببێتە (٩٤٤) کەس، بەڕاستی ئێمە ئێستا دەتوانین بەرگری لە هەندێ کەس بکەین کە دەڵێین مافیان خوراوە لەوانە تاهیر سابیر و نەجات محەمەد و باقی خەیات زۆری تر کە دەتوانین هەوڵ بدەین ناوەکاشیان زیاد بکرێ، بەڕاستی بەو ژمارەی ئێستا دەتوانین بەرگری لە هەندێکی دیکە بکەین.

*** چ لە بەرنامەتان دانییە بیکەن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن؟**

- باش دەزانن ناوەندی وەرزشوانە دێرینەکان یەکەمین دەزگا بوو کە دەست پێشخەر بوو لە ڕێزلێنانی ڕاگەیاندنەکانی وەرزشی و ناویان لە لیستی یەکەمین هەبوو بۆ وەرگرتنی مووچە، ئێمە چۆن بەرگری لە وەرزشوانان دەکەین بە هەمان شێوەش بەرگری لە ڕۆژنامەنووسە وەرزشیەکان دەکەین دەڵێن چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێ، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەواوکەری یەکترین و گەر ڕۆژنامەنووسی وەرزشی نەبێ تۆ وەرزشت پێناکرێ، ئەمڕۆ ڕاگەیاندن لە هەمووی گرنکترە، بەڕاستی لە ناوەندی وەرزشوانە دێرینەکان هەوڵ دەدەین کە شتێکیان بۆ بکەین.

*** لە بارەی مووچەی شەهیدەکان و مردووەکان چیتان کردووە؟**

- سەبارەت بەوەی شەهیدە کە ناوی لە لیستی یەکەم و دووەم هەبێ ئەوە مووچەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی مردووە گەر مووچەی خانەنیشینی هەبێ ئەوا مووچەکەی نامێنێ.

*** دوا وتەت چییە؟**

- وەکو سەرۆکی ناوەندی وەرزشوانە دێرینەکان داوا دەکەم کە لێمان گەڕێن با کاری خۆمان بکەین و بە سەربەستی ئیش بکەین، هیوادارم پەلەمان لێ نەکەن و قسەی کۆڵان و چایخانەکان وەرنەگرن و ئەوەی دەیەوێ ڕاستیەکان بزانێ با سەردانی بارەگامان بکات و پێشوازیش لێدەکەین ڕاستە ئێمەش هەڵە دەکەین بەس دوو جۆرە هەڵە هەیە هەڵەی هونەری و هەڵەی بە ئەنقەست، ڕاستە هەڵەی هونەریمان هەیە، بەڵام هەڵەی ئەنقەستمان نەکردووە، لێرەوە سوپاسی ڕۆڵی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە هەولێکی جیدی داوە بۆ دابینکردنی ئەو مووچەیە و هەردەم هاوکاری کردووین و سوپاسی بەڕێزان بەرپرسی لقی دوو و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئەنجوومەنی باڵای وەرزش و سامی سەعید دەکەین کە هاوکاری و پاڵپشتی ئێمە بووینە لەو کارە.

## د.حامید مستەفا : بۆ پێشڤەچوونی وەرزش دەبێ دەزگا وەرزشیەکان قوتابخانەیەکی وەرزش بۆ گشت یارییەکان بکەنەوە

دکتۆر حامید مستەفا ناوێکی ناودارە لە نێو وەرزشوانانی عێراق و کوردستان و یەکێك بووە لە یاریزانەکانی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی عێراق و ئێستاش ڕاهێنەری یانەی ئاراراتە لە تۆپی دەست ئێمەش بەباشمانزانی بیدوێنین و باسێکی ئەمڕۆ و دوێنی یاری تۆپی دەستمان بۆ بکات،

سەرەتا دکتۆر حامید گوتی: تۆپی دەست لە کوردستان بە گشتی و لە هەولێریش بە تایبەتی لەو ئاستە نییە بڵێین کە بگاتە ساڵانی هەشتاکان، ئێستا لە هەندێك یانە پێشڤەچوونێك بەخۆوە دەبینی لەوانە لە یانەی سلێمانی، کەچی ئەم پێشکەوتنە بە پاڵپشتی یاریزانانی دەرەوەیە گەر تەماشای یاریزانانی خۆمان بکەین وەکو یاریزانێکی کورد ئاستیان زۆر لە پێشتر نزمترە، لە ساڵانی هەشتاکان لە پلە یەکی عێراق بووین چەندین یاریزانمان لە هەڵبژاردەکانی عێراق یارییان دەکرد و لەسەر ئاستی پەروەردەکانیش یەکەمی عێراق بووین و بۆیە دەڵێم ئاستی ئێستا زۆر دوورترە لە ئاستی پێشتر، بە ڕای من ئەوەش بۆ هەندێ هۆکار دەگەڕێتەوە کە دەبێ بنبڕبکرێ گەر نا تاماوەیەکی دیکە یاری تۆپی دەست نامێنێ، لەوانە یەکەمیان هێنانی یاریزانێکی زۆر لە دەرەوەی هەرێم بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ وەربگرێ و یاریزانانی ئێمە هیچ سوودیان لێ وەربگرن ئەوانە بۆ پاڵەوانیەتی دێن کە تەواو بوو دەڕۆن و هیچ سوودیان نابێت بۆ تیپەکانی کوردستان و دووەمیش نەبوونی یاریگا و نەبوونی ڕاهێنەر و ناوبژیوان لە هەمان کاتدا، بەڕاستی تۆپی دەست وەکو هەر یارییەکی دیکە گەر ئەو سێ شتەی نەبێت بڕوات هەبێ بە هیچ شێوەییەك ئەم یارییە پێش ناکەوێت و گەورترین گرفتیش نەبوونی پاڵەوانیەتیە، پێشتر پاڵەوانیەتی لاوان و تازەپێگەیشتووان پاڵەوانیەتی پەروەردەکان و یانەکان و هەڵبژاردەکانی شارەکان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم پاڵەوانیەتیانە بە دەگمەن هەن ئەمە سەبارەت بە کوردستان، بەڵام پاڵەوانیەتی بۆ ئەو تیپانە هەیە کە لە خولی عێراق بەشداری دەکەن، بەڵام زۆربەی زۆری یاریزانەکان دەرەکین، هەروەها سەبارەت بە نەبوونی ڕاهێنەریش دکتۆر حامید بەم شێوەیە هاتە وەڵام: ڕاهێنەرمان نییە وەرە سەیری شاری هەولێر بکە بزانە چەند ڕاهێنەر هەیە بڕوا بکە نیمانە و وەرە سەیر بکە تەنیا یەك ناوبژیوانیشمان نییە، گەر سەیری یاری تۆپی دەست بکەین دەبێ ئاستی ناوبژیوان لە ئاستی یارییەکە بێت، بۆیە ئاستی یارییەکان دادەبەزێ چونکە ناوبژیوانمان نییە، لێرەوە گلەیی لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان دەکەم چ ئەو لێژنە ئۆڵۆمپییە یەگکرتووە چ ئەوانەی پێشتریش هەبوو، دەبێ ئەوانە کار بکەن بۆ یاری من تەنیا پاڵەوانیەیم ناوێ، وەرە قوتابخانەیەکی وەرزشی بۆ یارییەکانی تۆپی دەست و تۆپی پێی و باسکە و بالە و یارییەکانی دیکە بکەنەوە و چەندین خولی ڕاهێنەر و ناوبژیوانی بکەنەوە و کادیری وەرزشی بنێرنە دەرەوە بۆ ئەوەی ئاستیان باش بێت، دەبێ چاودێریەکی تەواوی وەرزشی بکەن گەر نا بە هەموو مانایەك ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی گوناهبار دەبن، سەبارەت بە ئەوەی کە ڕۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزش چییە بۆ پیشخستنی ئەم یارییە و دابین کردنی ڕاهێنەر و ناوبژیوان لەمباریەوە بەڕێزیان گوتی: من وەکو پسپۆڕێك لە پەروەردەی وەرزشی، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی پەیوەندی بەو شتانە نییە چونکە ئەوان مامۆستای وەرزش دروست دەکەن نەك پاڵەوانێکت بۆ دروست بکات و یان ڕاهێنەر و یان ناوبژیوانت بۆ دروست بکات، ڕاستە ئەوانەش دەتوانن کاری باش بکەن گەر بێت و چ ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و وەزارتی وەرزش و لاوان و کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی تا ئێستا کەس نەهاتووە بلێ وەرن با ئێمە هەر چوار لایەن دابنیشین با بزانین چی بکەین بۆ وەرزش، دەبێ دانیشتنەکەش کەسانێك بێن تێبگەن لە وەرزش نەك کەسانێك بێت قسەی خۆی بەسەر وەرزش فەرز بکات هیچ لە وەرزش نەزانێت، ئێمە دەمانەوەی یەکێك هەبێ خزمەتی وەرزش بکات قسە زۆرە، بەڵام لێرە قسە جێگای خۆی ناگرێ.

